کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

15-10-2007 23:02بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## فەلسەفەی ئاشتیی لە نێوان پراکتیکی ڕۆحی تاک و دۆگمایی موجامەلەی سیاسی یاندا... نەوزاد شێردڵ



گاندی بەر لە فێر بوونی چۆنییەتی پیادە کردنی ئەو تەقس و خەڵوەتە ڕۆحیانەی کە غوسڵی لەش پیسیی ناخ و دەروونیان دەر ئەکرد وەك هەر گەنجێکی تری تینەیجەر - موراهییق - ی خوێن گەرم بڕوای ڕەهای بە تۆڵەی تفەنگ و ڕشتنی خوێنی زۆرداران هەبوو، دالای لاما دوای بینینی ماو تسی تۆنگ و هەڕەشە ترسناکەکانی ماوییش ئارەزووی لووتکەی ئەوە بوو هەر بە دەستی خۆی سنگی کۆی ماوییەکان بە تاپڕ ئەمدیواو دیوو بکات، ماندێلا بەر لە زیندان و خەڵوەتەکانی شەوانیی دەرهەق بە مەزنێتی فەلسەفەی ئاشتیی زۆر لە تشی ڤارا زیاتر پەنجەکانی سەرمەستی میل و پەلەپیتکەی زرمەی کلاشینکۆفی سەنگەرەکانی شەڕی پڕ نەزییف بوو، خرۆشۆف بەر لەوەی ببێتە سکرتێری گشتیی و کۆدە هەرە سامناك و نهێنییەکانی ئەتۆمی سۆڤیەتی بخرێتە بەر دەست و هەر بە پەلەش دەستی تەوقەی ناچاریی ئاشتیی بۆ شەڕانیی تریین شەیتانی سەر ئەم کەوکەبە درێژ بکات تاقە داخوازیی ئەو بەسەر قەڵاندۆشکانی گەنجە خۆ پیشاندەر و توند ڕەوە کۆمۆنیستە کانی گۆڕەپانی سوورەوە لێدانی دەمودەست و بێ قەید و شەرتی ئەتۆمییانەی ویلایەتە گەورەکانی ئەمریکا بوو، کیم ئیڵ سۆنگ تاکوو ئەو شەش ساڵەی کۆتایی تەمەنییشی کە کەمێك بە نەخۆشیی فریای ئەو تەقسە کەوت تا دەروونی پڕ هەڵەشەیی و شەڕانیی بێ کۆنترۆڵی خۆی لە ڕێگای مسقاڵێك ڕێنمایی فەیلەسووفێکی ڕووتەڵەی هیندییەوە - ڕاجا ڕاهبەندەر - بداتە بەر تاڤگەی سەبووریی و هێوریی فەلسەفەکانی ئاشتی، هێشتا هەر دەستی لە لەت و پەت کردنی تابوور تابوور دیلی هاو زمان و هاو کاڵچلەری سیڤل و سەربازیی خۆی لە کۆریاییە باشوورییەکان هەڵنەگرت کە دووا جار و لە کتێبی یادەوەریەکانییدا - چیم بۆ کۆریا کرد؟! - ئەو شەش ساڵەی بە بەختەوەر تریین و وویژدان ئاسوودە تریین کاتەکانی تەمەنی خۆی ناوزەند کرد، عەرەفات لە دووا وەڵامی:- بۆ ساڵانی گەنجییت تەسفییەی جەستەیی ئەو هەموو کادێرە پاك و شۆڕشگێڕانەی هاوڕێی کۆنی خۆتت کرد؟! جگە لە چوار دڵۆپ فرمێسکی بێ دادی پەشیمانیی دووا ساتەکانی ژیانیی لە خەستەخانەکەی فەرەنسا و چوار ووشەی (هەڵەشەیی.. برام، هەڵەشەیی گەنجێتیی) ! چیتر وەڵامی بۆ - ڕووفائییل ئاسکافای - ڕۆژنامە نووس پێ نەبوو، شێخی حەفیدی مەلییکی بەهەشتیی لە سەر پێخەفی مەرگی پیرۆزیی لە بەغداد کە لە سەر زمانی مامۆستا - ئەحمەد خواجە ئەفەندی - و بەر لە وەفاتیی پڕ ئەسەفی لە گەڕەکی - عەقاریی - سلێمانی و هاوشان بە دەیان چیرۆکی پێشتر نەبیستراو بۆی گێڕامەوە، لە پرسی:- بۆ فرمانی شەهید کردنی سەلامی شاعیرت لە ئەشکەوتی جاسەنەوە قبووڵ کرد؟! وەڵامی - دیسان بێدادی - حەزرەتی شێخ هەر ئەوە ندەیە:- برایا لە ئەقڵی ئەو سەردەمەدا و لە بری ئەو بڕیارە ناجاییز و هەڵەشە یەی کە بوختان و فوودانی هەندێك - لەجێی قەڵەم، خەنجەر لە بەر پشتوێنی - سەر شێتی دەورم بڕیاری بێدەنگییم لە ئاست لە دەست دانی چاوێکی خۆما بدایە نەك بێدەنگ بوون لە ئاست بڕیاری کووشتنی ئەو سەلامە گەنج و ڕۆشنبیرە کورد پەروەرەدا، ، سەدان و هەزاران چیرۆکی ساتە وەختەکانی جڵەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پسانی دەروون و لە دەست دانی حیکمەتەکانی سەبر و ئاشتیی و نەشارەزایی لە فەلسەفەکانی چۆنییەتی کۆنترۆڵ کردنی حاڵەتە تووڕەییەکانی خوود و هتد.. ی لەمجۆرەی مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیی و ئێستاشیان لە پاڵدا بێت ئەوەتا سەرباری دەیان ڕێنمایی و ئێکسەرسایزی ڕۆژانە ی فرە چەشنی دەروونیی و جەستەیی پسپۆڕان، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و زۆرینەمان لەم ئاژەڵە ناتیقەی کە پێمان ئەوترێت مرۆڤ تا دێت زیاتر تەووژمی تووڕەیی و هورووژمی خوێن گەرمیی و خۆ کۆنترۆڵ نەکردن لە ڕۆحە نیاز شاراوە - ئەلئەنا - پڕ خۆ پەرستییەکەماندا گەشە و نەشونما ئەکا و لە پاڵ دەیان نمایيشیی حاڵەتی خۆ خەڵەتێنەرانەی بە ڕوو کەش گوایا ئاشتیخوازانە و لە ناخەوەش نێڵە نێڵی تەنووری پڕ تۆڵە و حیقدی ڕەش و غافڵە تێسرەواندنی خەتەرناکمان تا دێت زیاتر کلّپە ئەسێنێ، ئەمە لە کاتێکدا کە گرتنە بەری چەند ڕێگایەکی پۆزەتیف و ئاسان بۆ مەودایەکی کەم فێری زۆر وانەی گرنگی چۆنیەتی دەق گرتن لەسەر ڕۆحێکی سەر لێو لە ئاشتیی و سەبر و خۆ ناسینمان ئەکات، ئەو وانانەی کە لە پاڵ دوور کەوتنەوەی یەکجارەکییمان لە کێشە و ئارییشە زۆرەکانی بواری کۆمەڵایەتیی و خێزانیی و هتد.. ی ئەم زەمەنە خۆش ڕەوت و بە پەلەیەی چەکی دوو سەرەی تەکنۆلۆژیاو تیژ ڕۆیینی پێچکەی بە گلۆبالییزم کردن و مەتەڵەکانی بازاڕی ئازاد و بە پەلە دیموکراتییزە کردنی سیستەمە هێشتا نامۆ و پڕ حەزەر و فوول لە گومان و دڵە ڕاوکێی دیدی زۆربەمان بە ئاکامەکانی ئەو جیهانە، وەك زەرووڕەتێکی هەمیيشەیی و ئەگەر گشتگیرانەش زۆر لێیان حاڵیی نەبیین ئەوا لایەنی کەم و بە دڵنیایی وەك خوود سوودگەلێکی زۆریان لێ ئەبیینیین و لە کەمتریین حاڵەتدا وەك مرۆڤێکی سنگ و دەروون پڕ ئاشتیی ئەوەی لە ژیان ماومانە بە ئاسوودەگی و سەبر و سەبووریی و حیکمەتێکی زۆرەوە ئەیبەینە سەر و بەر لە پێڵوو لێك نانی یەکجارەکییش زۆر وویژدان سەرفرازانە ساڵەکانی تەمەنمان ئەگوزەرێنیین، هەر لێرەشدا و بە ڕووخسەتی خوێنەری بەڕێزی ئەم سایيتە بەر لەوەی دەست نیشانی چەند وانەیەکی ئاسان و بە زمانێکی ساکاری تێگەییشتن ڕوون تر بکەینەوە با لە نێوان دوو کەواندا و ئەم چیرۆکە پەند ئامێزە فۆلکلۆرییە ئێجگار کۆنە کوردییە بە کورتیی و سەبارەت بە ئەنجامە نێگێتیڤەکانی هەڵەشەیی بنووسم (ڕێبوارێکی باز لەسەر شانی زۆر شەکەت و تینوو چەند جارێك لە هەوڵی ئەوەدا ئەبێت کە لە جۆگەیەکی سازگار مشتێك ئاو بخواتەوە بەڵام بازەکەی سەر شانی ناهێڵێت کابرا ئاوەکە بخواتەوە و بەردەوام بە ڕاوەشاندنی باڵیی و هەڵمەتی چنگ مشتە ئاوەکەی پێ ڕۆ ئەکاتەوە، کابرای تووڕە کە پێشتر ئەم ڕەفتارەی لە بازەکەی خۆی نەدیوە و بێ ئەوەی ژیرانە لەو هۆیە بکۆڵێتەوە بەردەوام و تا دێت تووڕە تر ئەماڵێت بە بازەکەدا و مشتەکانی پڕ ئەکاتەوە لە ئاو، نەخێر بازەکە هەر لێی ناگەڕێ و سەرباری ئازاریی زۆری پیا ماڵیینەکانییش هەر لەسەر ئەوە سوورە کە نەهێڵێت کابرای خاوەنی ئاوەکە بخواتەوە، موختەسەر کار ئەگاتە ئەوەی کابرای چیتر ئاستیی تووڕەیی تا کوونە لووت هاتوو جەستەی بازە نیمچە لە پەل و پۆ کەتووەکە ئەگرێت و تا هێزی تێدایە ئەیماڵێت بە تاشە بەردێکدا و دوای مشت پڕ کردنەوە لە ئاو ئینجا تازە بە تازە ئەوە دێت بە خەیاڵیدا کە بەر لە بیین نان بە ئاوەکەوە سەرپێییانە دیراسەیەکی ئەو ڕەفتارە بکات و لە دووا ئاووڕیدا بۆ بازی کەمێك ڕۆح تیا ماو ئەبینێت کە بازی بەستەزمان بەو حاڵەشەوە و لە ڕێگای هێمای ملە شکاوەکەیەوە ئەیەوێت بە کابرای خاوەنی بڵێت:- بڕوانە سەرچاوەی جۆگەکە، کابرای هەڵەشە کاتێك ئەڕوانێتە سەرچاوە نزییکەکە ئەبینێت مارێکی ئێجگار گەورە سەری خۆی بە سەر سەرچاوەکەدا شۆڕ کردۆتەوە و پەیتا پەیتا لیکی پڕ ژەهری ڕۆ ئەکاتە ئاوەکەوە، ئەودەم کابرای هەڵەشە لە نهێنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەزعەکە و دڵسۆزیی بازەکەی تێ ئەگات، بۆیە شپرزە و پەشیمان بۆ هانای بازەکەی ڕائەکات، بەڵام بازەکە هەر دوای ئەو دوا هێمای ملەی ئاگادار کردنەوە ئیتر ڕۆحی دەرچوو بوو!! - تەواو -)، چایینییەکان هەر لە عەسری کۆنفۆشیووسەوە و تا ئێستای زەمەنی کۆمۆنیستیش وەك یاسایەکی پەیڕەو کراو و بە و ملیارە کاسپکار و فەرمانبەر و پۆلیس و خەڵکی شەقام و تا ئەگاتە وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمان و هتدەوە.. سەر لە بەیانیان و بەر لە وادەی چوونە سەر کار بۆ ماوەی بیست خولەك و هەر یەك لە جێی خۆیەوە مەرجە پێنج جۆر ئێکسەرسایزی هێووریی جەستەیی ساز بدەن کە سەرجەمیان و لە ڕووی زانستییەوە پەیوەستن بە تاقە یەك دیاردەی سایکییەوە ئەوییش تۆوی سەبر و ئاشتیی ڕێژ کردنی ڕۆژانەی ڕۆح و دەروونی ئەو خەڵکەیە و بە س، یابانییەك ئەگەر بەر لە چوونە سەر کار تۆزقاڵێك هەست بە نائارامیی و تووڕەیی دەروونیی بکات ئەوا لەو ڕێستۆرانە هەرزان و تایبەتییانەی - سووب - شۆربای بەیانیانی تیا ئەخۆن، دوای لە چاو کردنی چاویلکەی تایبەت بە پاراستنی چاو و هەر لە شوێنێکی دیاری کراووی ڕێستۆرانی ناوبراودا بە مەبەستی بەتاڵ بوونەوە لەو حاڵەتە تووڕەییە قاپی شووشەی - دیسان هەرزانی - شۆرباکان بە توندی ئەشکێنن و پاش قەرەبوو کردنەوەی بەهای قاپەکان ئیتر بە هێمنیی ئەچنە سەر کار، دەیان حاڵەتی تری لەم باسە و ئێستاش ماڵە هاوڕێ ئاسیاییە بەڕێزەکانم کە ساڵانێکی زۆرە و بە جۆرێك تێکەڵم لەگەڵیان زۆربەی شەوانم لە ماڵی ئەوان ئەخەووم، لەم خۆر ئاوایە و هەر یەکە لە سەر شێوازی خۆی سەر لە بەیانیان پراکتیکی ئەم ڕێچارانە ئەکەن و بێگومان زۆر لەوە زیاترییشیان لێوە فێر بووم کە لێرەدا باسیان بکەم، لە - تیبێت - ی داگیر کراودا و هەر لە سەردەمی دالای یەکەمەوە تا ئەمڕۆش هیچ دادوەرێك بۆی نییە بچێتە سەر کار تاکوو بە تاقی کردنەوە - ئێکزامێکی حاڵەتی دەروونیی ئەو بەیانییەدا تێپەڕ نەبێت، چوونە خەڵوەتێکی کورتی شەوانە ی هەردوو ڕەگەزەکە و بێ جیاوازیی تەمەن سەرباری لە فلتەر دانی ئەو واتا ڕۆحیی و ویژدانیی و ئایینییانەی کە بیستوومانن هاوکات بۆ خاتریی زیاتر مەرامی لە تەرازوو دان و بە خۆدا چوونەوەی کاری ئەو ڕۆژەیە کە کردوومانن تاکوو ڕۆژی داهاتوو خۆمان لە هەڵەکانی پێشوو بپارێزیین و دووبارەیان نەکەینەوە، ئەلکەهۆڵ کە خواردنەوەی دوور لە هەموو ئەو کمرشاڵ و ڕێکلامە نا تەندرووستانەی کە گوایا هەندێکیان بۆ بەردی گورچیلە و تۆکمە کردنی فۆڵدەری میز کردن و ئۆرگەناییز کردنەوەی دەوەرانی خوێن و هتد.. باشن و بێ شك نەخواردنەوەیان زۆر باشترە، بەڵام کە مادام بە ڕێژەیەکی زۆر ئەخوورێتەوە ئەوا هەر لە ڕووە دەروونیەکەیەوە ئەگەر دوای خواردنەوە و بۆ ڕۆژی دواتر کەسەکە بۆ دووجار و لە تاو هەڵەیەکی زەقی شەوی ڕابوردوو هەر لە ژێر بەتانییەکەیەوە پەنجەی خۆی نەگەست بە واتا کەسێکی هوشیار و کەسایەتییەتی پارێزی خۆیەتی، ئەگەرییش لە جارێك زیاتر ئەو پەنجە گەستنەی دووبارە کردەوە با بێ خۆ خەڵەتاندن چاك بزانێت کە لە ڕووی دەروون ئاڵۆزیی و تووڕەییەوە پێویستی بە چارە یەکی ئاسان هەیە، دیسان لە ڕێنماییە زانستیەکانی تر و - بۆ هەردوو ڕەگەزەکە - ئەگەر لە حاڵەتێکی کاتیی کەبتی سێکسیدا یا لە ژێر هەر جۆرە زەغتێکی فیکریی و قەلەقدا بوویت، مەچۆرە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی چارەنووس سازانە و هیچ بڕیارێکی گرنگییش مەدە کە ژیان و مەعیشەتی کەسانی تری پێوە پەیوەست بن، بۆ ڕوو نەدانی گرفت یا زیاتر گەورە تر نەبوونی خوودی گرفتەکە لە نێوان دوو کەسییشدا - هەر کەسێك بن - هاوسەر، ئەندامی خێزان، هاو پیشە و هتد.. - باشترین ڕێگا ئەوەیە کەسی تووڕە ماوەیەك بە تەنیا بە جێ بهێڵدرێت بە مەرجێك وجوودی کەسە ڕۆیشتووەکە لەو نزییکە هەر هەبێت و کەسە تووڕە بووەکەش سەد دەر سەد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-10-2007 23:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دڵنیا بێت کە کەسەکە هەر لەو نزییکەیە دەنا وون بوونی یەکجارەکیی ئەچێتە خانەی فەرامۆشیی و بەها نەدان بە کەسەکە، جوانترین ووشە لای من و بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونە ئیفلییج و تێکدەرەکانی ترەوە کە ئەم ووتەیە بە پاشەکشێ تێگەییشتوون ووشەی - داوای لێبووردن - کردنە لە ساکار ترین هەڵە، هیوادارم بە پێی دەرفەت و جار جار لە سەر ئەم بابەتە گرنگەی چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئاشتییەکی هەمییشەیی و سەبرێکی ڕاهێنراو لە ناخ و دەروون و وویژدانی خوودی خۆماندا و دوور لە مجامەلە ساردەکانی سیاسییان بنووسم و لایەنی کەم لەو تووڕەیی و هەڵچوون و هەڵەشەییەی زۆربەمان قووتار بین کە سەرباری دەیان و سەدان گرفتی خێزانیی و خولقاندنی نەخۆشیی هەمە چەشنەی وەك جەڵتەکانی دڵ و مێشك و قورحەی مەعیدە و زەغتەکانی خوێن و هتد... هیچ فرسەتێکییش بۆ دایەلۆگە جوانەکانی نێوانیشمان ناهێڵێتەوە. ------------------------------------------
------------------------------------------------------------------------------------------

- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.